# ئازادی.. ئافرەت..دیموکراسیی

دلێر محەمەد شەریف

هەروەک چۆن دەستوور وەک (یاسای سەرەکی یان دایکی یاساکان) خاڵێکی گرنگی هەموو قەوارەیەکی سیاسییە و پێویستە هەموو ئەو پرەنسیپە سەرەکی و بنەڕەتییانە لەخۆ بگرێت کە پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت و هاووڵاتیان لەنێوان خۆیاندا ڕێک بخات. ئاواش پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەو سیستەمە یاساییە سەرەکییەکە ڕێکخەری پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی هەرێم و هاووڵاتیانی کوردستانە کە ئێستا وەک پرۆژەیەک خراوەتەڕوو. تا لە داهاتوودا بەپێی پرەنسیپە یاساییەکانی سیستەمی فیدراڵی و بەپێی دەقەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە کوردستاندا بڕیار بدرێت و کاری پێ بکرێت. کە لەڕاستیدا ئەم دەستوورە دەبێتە یەکەمین دەستووری هەرێمی کوردستان کە کۆمەڵگای کوردستانیی خودی خۆی دەینووسێ و گفتوگۆی لەسەر دەکات و بڕیاری لەسەر دەداو کاری پێ دەکات. کە ئومێد وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی لە پرۆژەیەکەوە ببێتە دەستوورێکی فەرمیی بڕیاردراو. کە ئەمانە بۆ خۆی خاڵێکی سیاسی ئیجابییە لە

قۆناغی سیاسی ئەمڕۆی کوردستانداو پێویست هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان زۆر بەجدی و بەگرنگی لەم دەستووره بڕوانن کە لە ناوەرۆکدا پەیوەندی سەرەکی بە هاووڵاتیان و ژیانی رۆژانەو ئایندەیەوە هەیە هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بوترێ کە دەستوور بەرلەوەی یاسایەک بێت و ناوەڕۆکێکی یاسایی بەو پەیوەندییانە ببەخشێ بۆ خۆی دەربڕی واقیعی سیاسی و پێکهاتە سیاسییەکانەو باڵە سیاسییەکان دادەڕێژن بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی و نووسینداو دەربڕی هەژموون و ئیرادەی سیاسی و پارسەنگە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی واقیعە. چ لە عێراق و چ لەکوردستان و چ دەوڵەتانی نوێی تازە دامەزارو یان تازە گۆڕاوی وەک سودان و بۆسناو تەیمور.... هتد کە بێگومان ئە راستییەش بەندە بەزهنییەتی سیاسی و تێڕوانینی سیاسی باڵە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە بڕیار لەسەردانێکی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە دەدەن. هەروەک چۆن گەر ئەو باڵانە تێڕوانینی دیموکرات خوازانە زاڵ بوو، ئەوە دەستووریش بەهەناسەیەکی دیموکراتیانە دەنووسرێ و چەند تێڕوانینی نا دیموکراسی زاڵ بوو ئەوە بەهەناسەی نا دیموکراسیانە دەنووسرێت. بێگومان ناوەرۆکی ئەو دەستوورەش رەنگدانەوەی تێڕوانین و بەرنامەی سیاسی ئەو باڵە سیاسییانە دەکات.

هەربۆیە بەر لە هەر شتێک لە دەستووردا شێوازو فەلسەفەی دەسەڵات دیاری دەکرێت (دیموکراسییە یان نادیموکراسی - کۆمارییە یان پاشایەتی.. پەرلەمانییە یان سەرۆکایەتی) پاشان ئەرک و پابەندبوونەکان چ بۆ هاووڵاتیان و چ بۆ قەوارە سیاسییەکە دیاری دەکات.

پڕۆژەی دەستووری کوردستانیش لە دەروازەی یەکەمیدا (بنەما سەرەکییەکان) ئەو پرەنسیپ و شێوازەی بەڕوونی و چەسپاوی دیاری کردووە لە (م/١)دا کە دەڵێت (هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، کە سیستەمە سیاسیەکەی کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراسییە. پشت بەبنەما فرەلایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت). هەروەها هەر لە دەروازەی یەکەمدا لە مادەکانی (٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠-١١-١٢-١٣ - ١٤ -١٥-١٦-١٧)دا و پاش (سنووری هەرێم و رەوایەتی سەرچاوەی دەسەڵات و زمان و ناسنامە، مافی چارەنووس و ئاڵاو پایتەخت و... هتد) دەکات. کە ئەم دەروازەیە بەتێکەڵە گرنگترین دەروازەکان لە تورک و ناوەرۆکی سیاسی و چارەنووسی ئەم دیاری دەکات.

لە دەروازەی دووەمدا کە تایبەتە بەماف و ئەرک و ئازادییەکان) کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگ و پڕ بایەخی لەڕووی ماف و ئازادییەکان خستۆتەڕوو، کە بێگومان ناوەرۆکی راستەقینە ئەو سیستەمە دیموکراسییە، کە پێویستە لە کوردستاندا ببێتە بنەمای سەرەکی ژیانی سیاسی و مافی تاک و هاووڵاتیان بەگشتی دەبێت تێدابێت و رەنگدانەوەی راستەقینەی ئەو ئومێدە بێت کە کۆمەڵگای کوردستان بەدرێژایی تەمەنی خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا کردووەو هەمیشە لەلایەن رژێمە دەسەڵاتدارەکانی عێراقەوە لێ بێبەش کرابوو. بەتایبەتی (ئازادی رادەربڕین و بیروڕاو ئینتماو پێکهێنانی سەندیکاو حزب و مانگرتن و رێ پێوان و چاپەمەنی و رۆژنامەنووسی و... هتد کە لە مادەکانی (١٨-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٣١-٣٣-٣٧-٤٢-٤٣-٤٥-٤٦-٤٧-٤٩-٥٩-٦٠-٦٢-٦٤-٦٦-٦٧-٦٨-٧١-٧٣-٧٥-٧٧). هەموو ئەم دەقانە ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی نێوان هاووڵاتیان و

دامەزراوەکانی هەرێم دیاری دەکەن و پێویست وایە وەک بنەڕەتی بنەمای سەرەکی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت لە داهاتوودا ببنە ئامرازو میکانیزمی کارپێکراوی هەرێمی کوردستان. چونکە لێرەدا مەرجێکی گرنگ لەو دەستوورەدا لە پیادەکردنیاندا دەردەکەوێت، ئەگەر نا زۆر لەو دەستوورانەی دەوڵەتانی دکتاتۆری و شموولی نادیموکراسی دەقی جوانیان تێدا نووسراوە، بەڵام لە پراکتیکدا تەنها وەک دەقی مردوو ماون و بەپێچەوانەوە دەسەڵات بەڕێوەدەچێت. هەربۆیە زەمینەی راستەقینەی ئەو دەستووره بەندە بەزهنییەت و رادەی قبوولکردنی هێزی باڵادەستەکانی بۆ رای جیاوازو ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لەکاتی سەرپێچیکردنی ئەو دەقە رازاوانەوە لەلایەن کەسانی سەر بەدەسەڵات... کە بەشی زۆری دەوڵەتانی لەم شێوەیە بەم جۆرە گۆڕاون و بوونەتە دەسەڵاتی چەوسێنەرو ستەمکارو نایەکسان و نادادپەروەر لە پرۆسەی سیاسییاندا.. کە دەوڵەتانی دەورووبەرمان باشترین نموونەی ئەو متمانەن.

من گرنگترین خاڵی کە بەنەگونجاو دەبینم بەپێویستی دەزانم چارەسەر بکرێت. لە دەروازەی دەسەڵاتەکاندایە... بەتایبەتی هەستکردنی بەخستنەڕووی سیستەمی سەرۆکایەتی لەجیاتی پەرلەمانی لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا. لەپاڵ بوونی جۆرێک لە ناکۆکی لە مەسەلەی مافەکانی ئافرەت لە دەستوورەکەدا کە لەلایەن یەکسان دانانی لەتەک پیاو کەچی لەلایەکی ترەوە پابەندکردنی بە یاسای باری کەسێتی لە گرێبەستی ژن و پیاوداو لە یاسای باری کەسێتی پشت بەبنەمایەک دەبەستێ کە نابەرابەری نێوان ژن و پیاوی تێدا چەسپاوە..

هەروەها لە کۆنەکردنەوەی ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان لە م/ ٥٨دا لەگەڵ پەرلەمانی فیدراڵی و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان یان شارەوانییەکان یان فەرمانبەرێتی گشتیدا باشترە بەڕوونتر بنووسرێت کە نابێت ئەندامی پەرلەمان لە یەک کاتدا ئەندامی پەرلەمان بێت وەزیریش بێت.. چونکە فەرمانبەرێتی گفتی وەزیر ناگرێتەوە بەو پێیەی وەزیر پلەی تایبەتە و مۆرکی سیاسی هەیە.. لە راستیدا زۆر بەدەگمەن دەوڵەت هەیە ئەم شێوازە پیادە بکات و لە هەموو دەوڵەتانی دیموکراسیدا بەتەواوەتی دەسەڵاتەکان لێک جیاکراونەتەوە وەک پرەنسیپێکی سەرەکی لێ جیای دەسەڵاتەکان.

ئەو شێوازی کە کۆکردنەوەی دوو دەسەڵات لەیەک کاتدا ڕێگە لە چاودێری و دەگرێ برەوپێدانی بەباڵادەستبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی (حکوومەت) کە ئەم شێوازە زۆرتر شێوازەی دەسەڵات بەرەو ناوەندێتی و نادیموکراسیەت دەبات و حوکمەت دەکاتە دەسەڵاتی سەرەکی و پارسەنگی هێز بەلای خۆی دادەشکێنێ جگە لەوەی پەرلەمان چۆن دەتوانێ چاوەدێری حکوومەت بکات گەر بەشێک لە ئەندامەکانی خاوەن دەسەڵات جێبەجێکردنیشی بن و ئەمە جگە لەوەی گەر ژمارەیان زۆر بوو کاریگەر دەبن لەسەر بریارو پرۆژەکانی پەرلەمان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەکی هەژارو بێ ئەزموونی وەک ئێمەدا کە هێشتان بنەماکانی شەفافییەت و لێک قبوولکردن نەچەسپاوەو زۆر زەحمەت دەبێت وەرزێکی خاوەن نفوزو دەسەڵات بەئاسانی رەخنە قبووڵ بکات و دان بەهەڵەو کەموکورییەکانی خۆی و وەزارتەکەیدابنێ.